# دیداریك لەگەڵ كارزان قەرەداغی دا



دواندنی: هیوا نوری

**هیوا: هەرچەندە كارزان قەرەداغی ناوێكی غەریب نیە, بەڵام گەر بكرێت لەزمانی خۆتەوە بزانین كارزان كێ یە؟**

كارزان: من ناوم (كارزان قادر قەرەداغی)یە, لەساڵی 1978 دەستم كردووە بە وەرگرتنی وانەی موزیك (بەئامێری ئۆكۆردیۆن) لە تیپی موزیكی منداڵانی (بێخود) كە لەلایەن مامۆستای بە رێز و خۆشەویست (مامۆستا نامدار قەرەداغی)یەوە سەرپەرشتی دەكرا. لە هەموو چالاكییەكانی ئەم تیپەدا بەشداریم كردووە, بۆ نمونە (شریتی سرودەكانی هونەرمەند ناسری رەزازی) كە لەلایەن تیپی موزیكی منداڵانی بێخود بە نهێنی تۆمار كرا لە قوتابخانەی بێخودی سەرەتایی, بەسەرپەرشتی مامۆستا نامدار. پاشان لەساڵی 1982-1986 كارم لەگەڵ تیپی موزیكی مەولەوی كردووە و لە زۆربەی چالاكییەكانی ئەو تیپەشدا بەشداریم كردووە, گۆرانییەكانی هونەرمەندان (ئیبراهیم خەیات, حەمەی نێرگز, سەلاح مەجید) لەتەمەنێكی منداڵیدا بە ئامێری ئۆكۆردیۆن بەشداریم كردووە و هەندێك لەو گۆرانییانە لە تەلەڤزیۆنی كەركوك بە رەش وسپی تۆمار كراون.

لەساڵی 1989ەوە وا لە هۆڵەندا دەژیم و لێرەش دیسان دەستم كردووە بە وەرگرتنی وانەی موزیك ئامێری (سەنتور و نەی فارسی) و بووم بە ئەندامی تیپی موزیكی (ئاوارە) و (دڵ ئارام) بە ئامێری (سەنتور, نەی, ئۆكۆردیۆن, سایزەر و دەف) بەشداریم كردووە.

ساڵی 2001 دەستم كرد بە وەرگرتنی وانەی (موزیك, كۆمپیوتەر) هەتا ساڵی 2004 دوو سێدیم بڵاوكردەوە بەناوی (كوردیش ریمیكس) و (دەنگی رەسەن) كە بریتی بوون لە تازەكردنەوەی چەند گۆرانییەكی رەسەنی كوردی بە موزیكی نوێوە.

**هیوا: بەكارهێنانی موزیكی ریمیكس بۆ نو ێكردنەوەی گۆرانی یە كۆنەكان , بۆیەكەم جار لە هونەری كوردیدا لەلایەن بەرێزتانەوە ئە نجام درا ,دەكرێت بزانین سەرچاوەی ئەم بیرۆكەیە چۆن لات دروست بوو؟**

كارزان: بیرۆكەی ریمیكس كردنی گۆرانی كوردی لەوەوە دروست بوو لەلام كە كاتێك گوێم لێدەبوو لە موزیكی ئەوروپییەكاندا ریمیكسیان بەكار دەهێنا و گۆرانییەكانیان تێكەڵ بەیەكتری دەكرد و دەنگی تازەیان دەخستە سەر.. بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ریمیكس كردنی گۆرانییەكی ئەوروپی لەگەڵ ئەو ریمیكس كردنەی گۆرانییەكی كوردی كۆن كە وەختی خۆی لە ماڵێكدا یان بە تازجلیكی زۆر خراپ تۆمار كراوە, چونكە ئەو

گۆرانییانەی کە من ریمیکسم کردوون و موزیکی نوێم بۆیان داناوەتەوە زۆربەیان بە کوالیتیێکی زۆ خراپ تۆمار کراون, هەندێکیان هیچ موزیکیان لەگەڵ نەبووە یان بەهۆی کۆن بوونیانەوە دەنگەکەیان تێك چووە و ساف نەبووە.. لەدوای ماندووبوونێکی زۆر ئە نجاتوانیومە دەنگی ئەو گۆرانیبێژانە بە کۆمپیوتەر تۆزێك پاك بکەمەوە لە خشەخش و دەنگی زیادە کە وەختی خۆی تۆمارکراوە لەگەڵیدا.

**هیوا: ئەو ئامێرە مۆسیقایانەی لەبەرهەمەکانتدا بەکارهاتوون, هەموو خۆت ژەنیوتن یان هونەرمەندی دیکەت لەگەڵدا بووە؟**

کارزان: بەڵێ هەموو ئەو ئامێرە موزیکانەی کە لە بەرهەمەکانمدا بەکار هاتوون هەمووی خۆم لێمداون و خۆیشم تۆمارم کردوون.

**هیوا: ئەو دەنگانەی کەمۆسیقای نوێیان بۆ دادەنێیت لەسەر چ بنەمایەك هەڵیان دەبژێری؟ زیاتر ئەو دەنگانە نین کەکاریگەرییان لەسەرت هەبووە؟**

کارزان: هەوڵم داوە کە ئەو گۆرانیبێژانە هەڵبژێرم کە لەلایەن نەوەی نوێوە کەم ر گوێیان لێدەگیرێت و هەندێکیان خەریکە لە بیر دەچنەوە و وەختێك کە لە ژیاندا بوون لەلایەن هونەرمەندانی موزیك ژەنەوە زۆر کەم بایەخیان پێدراوە کە زۆر جێگای داخ و سەرنجە.. بۆ نمونە هونەرمەندی دەنگ خۆشی نەمر (مامۆستا ئەحمەد شەماڵ) کە هەتاکو لە ژیاندا بوو موزیك ژەنەکانمان زۆر کەم یارمەتیان داوە و هیچیان بۆ نەکردووە!! بەڵام لەبەر دەنگ خۆشیی و لێهاتوویی خۆی هەر توانیویەتی جێگای خۆی لەناو هونەری کوردیدا بکاتەوە.. هەروەها ئەو گۆرانییانەی کە هەڵمبژاردوون کاریگەرییان لەسەر خۆم هەبووە. من زۆرم پێخۆشبوون بۆیە هەڵمبژاردوون.. بۆ نوێکردنەوەن گونجاون و توانیومە کاریان لەسەر بکەم بۆیە هەڵمبژاردوون.. زۆر گۆرانی تری رەسەن هەیە کە زۆر کاریگەرییان هەیە لەسەرم بەڵام بۆ تازەکردنەوە ناگونجێن و ناکرێت کاریان لەسەر بکەم.

**هیوا: دەبینیت ئەو گۆرانییەی کلیپت بۆ کردووە زیاتر بلاوبووەتەوە لەنێو خەڵکیدا, هەوڵی ئەوەت نەداوە کلیپ بۆ بەرهەمەکانی ترت بکەی؟**

کارزان: بەڵێ راستە هەرچی گۆرانییەك کلیپی بۆ بکرێت, خەڵك زۆرتر دەیبینێت و دەیبیستێت و زۆرتریش بلاوئەبێتەوە. گۆرانی بە تۆبە تۆبەی مامۆستا ئەحمەد شەماڵ کە کلیپی بۆ کرا لە پاش ساڵ و نیوێك ئەنجا کلیپەکە تەواو بوو و بلاوم کردەوە!! بەڵێ من زۆر هەوڵی ئەوەم داوە کە کلیپ بۆ گۆرانییەکانی تر بکەم, بەڵام بەداخەوە تەلەفزیۆنە کوردییەکانمان لەبەر کلیپ کردن بۆ گۆرانیی ناسیاوەکانی خۆیان( ! ) زۆر فریای گۆرانی رەسەنی کوردی ناکەون کلیپی بۆ بکەن!! من لێرەوە دەمەوێت زۆر سوپاس و دەستخۆشی لەهەموو ئەو برادەرانە بکەم کە ماندوو بوون لە کلیپ کردنی گۆرانی (بە تۆبە تۆبە) و گۆرانی (مەیلەنگێنە)ی مامۆستا ئەحمەد شەماڵ.

**هیوا: دەمانەوێت بزانین کارزان هەست بەچی دەکات کاتێك دەبینێت, گە نجێکی نەوەی تازە گۆرانی (بەتۆبە تۆبە)ی مامۆستا ئەحمەد شەماڵ دەڵێتەوە؟**

کارزان: زۆر جێگای شانازییە بۆ من کە گوێم لێ دەبێت کە گە نجان و نەوەی نوێمان ئەو گۆرانییە دەڵێنەوە یان کە دەبیستم کە پێیان خۆشە و گوێی لێدەگرن, ئەوە زۆرم خۆشحاڵ دەکات, وام لێدەکات کە زۆرتر هەوڵ بدەم بەردەوام بم لە کارەکەم.

**هیوا: ئێستا هیچ پرۆژەیەکی نوێت لەبەردەستدا هەیە؟**

کارزان: ئێستا سەرقاڵی سیدی سێیەمم کە تاکو ئێستا سێ گۆرانیم تەواو کردووە, دوو گۆرانی هونەرمەند ئەحمەد شەماڵ و یەك گۆرانی شەهید عەبەی مەلا, ئینشائەڵلا لەماوەیەکی نزیکدا ئەو سیدییە بلاودەبێتەوە. سوپاسی تۆمارگای خەیام لە سلێمانی ئەکەم کە یارمەتییان داوم لە پەیداکردنی شریتی ئەو گۆرانییە رەسەنانە.




دیمەنێك لە كلیپی (بە تۆبە تۆبە)ی گۆرانی ئەحمەد شەماڵ كە كارزان تازەی كردووەتەوە